وتاری بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی یادی مامۆستا هێدی شاعیر

مامۆستا هێدی: هەمیشە دەیگوت وەفاداری ئەگەر هەبێت لەلای بارزانییە، پشوودرێژیش لە هەموو کەس زیاتر هەر لەلای بارزانییە

ئامادەبوانی بەڕێز
نووسەران و ڕۆشنبیرانی هێژا
بنەماڵە و ئاشنایانی نووسەر و شاعیری گەورەمان مامۆستا هێدی..

ڕۆژتان باش و بەخێربێن بۆ کۆڕی یادکردنەوەی مامۆستا خالیدی حوسامی، ناسراو بە مامۆستا هێدی. مامۆستا هێدی لەلای ئێمە یادگارێکی کۆماری کوردستان و پێشەوای شەهید قازی محەمەد و، شۆڕشی ئەیلوول و بارزانیی نەمر بوو.

مامۆستا هێدی لەلای ئێمە نموونەی پێشمەرگەیەکی بە بیروباوەڕ، شاعیرێکی گەورە و نووسەرێکی زانا بوو. مامۆستا هێدی نموونەیەکی بەرزی وەفاداری بوو، لەبەر ئەوەش هەمیشە شانازیمان بە مامۆستا هێدییەوە کردووە و هەمیشەش شانازی پێوە دەکەین.

مامۆستا، نموونەیەک بوو لە جوامێری و شۆڕشگێڕی و وەفاداریی خەڵکی خۆشەویستی بۆکان و مەهاباد لەگەڵ شۆڕش و بارزانیدا. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ خزمان و بنەماڵەی بەڕێزی، پەیوەندییەکی زۆر فراوان بوو. ئەوەش لە خۆشەویستیی هاوبەشی هەردوولاوە سەرچاوەی دەگرت.

گوندی (شێخاڵی) نێوان هەردوو شاری بۆکان و مەهاباد لە بنەماڵەیەکی دیار لەدایک ببوو، لەگەڵ هەردوو ڕۆشنبیر و شاعیری گەورە هێمن و هەژاری موکریانی، سێکوچکەی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی موکریانیان پێکهێنا و، بوونە کۆڵەگەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، کە بەرهەم و ناوبان هەمیشە و بۆ هەتا هەتایە شوێنێکی پڕشنگداریان لە میژووی ئەدەبی کوردیدا دەبێت.

لەناو دڵی مامۆستا هێدیدا، خۆشەویستییەکی زۆر گەورە هەبوو بۆ بارزانی، ئەو خۆشەویستییە وایکردبوو کە بۆ بیرەوریی سااڵنەی بارزانیی نەمر و دواتریش بۆ بیرەوەریی بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانیی باوکم پێکەوە، شیعری زۆر بەرز و پڕ هەست بنووسێت. کە لە ڕێوڕەسمی بیرەوەرییەکاندا ئەو شیعرانەی دەخوێندنەوە، وشەکان لە ناخییەوە هەڵدەقوڵان، لەبەر ئەوەش زۆر زوو دەچوونە ناو دڵ و دەکەوتنە سەر زمانی دڵسۆزان و، وەک شاکاری شیعری؛ خۆیان دەنواند.

هەر بۆ نموونە تەماشای ئەو هەستەی مامۆستا هێدی بکەن کە لە شیعرێکیدا بۆ بیرەوەریی بارزانی نووسیویەتی و دەڵێ:

خەمێک کە خەو دەستێنێ
کە دێ ئەو پەیامە دێنێ
مردن بۆ گەل ئەرکی مەیە
هەرکەس سپاردێکی هەیە
دەبینم گشت کاتێ لەنوێ
بارزانی یە بۆ من دەدوێ
هەست و هۆشم دادەگرێ
هێند بەرزە تەفسیر هەڵناگرێ
بە ڕابردوومدا دەچمەوە
جوان وەبیر خۆم دێنمەوە
خەیاڵ دێ دەورم دەتەنێ
ئەو بەهێز و من بەتەنێ
بەهێز و باریکتر لە موو
ئەو باڵ دەگرێ و منیش لەدوو

بەڕاستیش مامۆستا هێدی تاوەکو دوایین ساتی ژیانی، هەر لەسەر ڕێبازی بارزانی مایەوە. دڵسۆزی و وەفاداریی مامۆستا هێدی بۆ بارزانی لە هیچ کاتێک و لەناو هیچ کێشە و ئاڵۆزییەکی ناوخۆیی کوردیدا نەدەوەستا، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوو. ئەو باوەڕەی کە وەک نووسەر و پێشمەرگەیەک لەلایەن مامۆستا هێدی بۆ بارزانیی نەمر دروست ببوو، لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ببووە بنچینەی باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی کوردستان لەسەر ڕێبازی بارزانی و شەهیدانی کوردستان.

مامۆستا هێدی بە پەروەردەی بنەماڵەکەی؛ خاوەن بیروباوەڕێکی کوردستانی بوو. پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەو ڕۆژەی لە مەهاباد بە نهێنی دەچێتە لای پێشەوا قازی محەمەد، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی "ژێ کاف" کە پێشەوا نەخشەی گەورەی کوردستانی پیشان دەدات و پێی دەڵێ: دەزانی ئەوە نەخشەی کوێیە؟! یەکسەر وەاڵمی دەداتەوە کە: بەڵێ دەزانێت ئەوە نەخشەی کوردستانی گەورەیە. ئینجا لەسەر دەستی پێشەوا و بە قوربان سوێند دەخوات کە تاوەکو لەژیاندا مابێت: دەست و زمان و قەڵەمی بۆ خزمەتی کورد بەکار دەهێنێت. بە ڕاستیش بە دریژاییی تەمەنی بە کردەوە، مامۆستا پابەندی ئەو سوێندەی بوو کە لە پێش پێشەوا قازی محەمەد خواردبووی.

مامۆستا هێدی، کە بە دریژاییی تەمەنی وەفادار و دڵسۆز مایەوە بۆ وەاڵتەکەی، هەمیشە دەیگوت وەفاداری ئەگەر هەبێت لەلای بارزانییە، پشوودرێژیش لە هەموو کەس زیاتر هەر لەلای بارزانییە.

مامۆستا هێدی چەند جارێک بۆ ماوەی کورت و بۆکار، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد جەنابی بارزانی بینیبوو، بەاڵم کە لە سااڵنی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا لەگەڵ براکەیدا ناچاربوو کوردستانی ئێران بەجێ بهێڵێت و بێتە کوردستانی عێراق، بارزانی لە شاری سلێمانییەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتییەوە، ئەوی هێنایە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن. بارزانی چەند جار داوای حکوومەتی شای ئێرانی ڕەتکردووەتەوە بۆ ڕادەستکردنەوەی مامۆستا هێدی، کە شۆڕشی ئەیلوولیش تووشی نسکۆ بووە، ئەو ڕۆژەی بارزانی کوردستانی عێراقی بەجێهێشت، شۆفێرەکەی خۆی بەدوایدا ناردووە و لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ ئێران و لەلای خۆی پاراستوویەتی.

مامۆستا هێدی لەبەر ئەوەی کەسێکی خوێندەوار و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ناسراو بوو، دوای ئەوەی هاتووەتە ناو شۆڕشی ئەیلوول، هەر زوو بووەتە جێگەی متمانەی بارزانی و، وەک هەڵسوڕێنەر و قایمقام لە قەڵادزێ کاری پێ سپێردراوە. دوای ئەوەش لە ڕادیۆی شۆڕش لە ئێزگەی (دەنگی کوردستانی عێراق)، ڕۆڵێکی بەرچاوی پێدراوە و، ئینجا وەک بەرپرسی دارایی و پێشمەرگەیەک، ئەوسەر و ئەمسەری کوردستانی عێراقی کردووە، بۆ ڕێکخستنی کاروباری دارایی هێزەکانی پێشمەرگە.

مامۆستا هێدی لەناو شۆڕش و خزمەتی پێشمەرگایەتیدا زۆر ڕۆژان برسی بووە، بەاڵم باوەڕی لەق نەبووە. ئەوەی گێڕاوەتەوە کە لە کاتی پێشمەرگایەتیدا ڕۆژێی وا هەبووە چوار جار ئاگری کردۆتەوە لە شاخەکانی کوردستاندا، بۆ ئەوەی ژەمە خواردنێک بۆخۆی دروست بکات و بەردەوامیش لەو شوێنانە فڕۆکە هاتووە و نەیتوانیوە خواردنەکەی ئامادە بکات، ناچار بووە ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی زیاتربووە کە تاوەکو سەرکەوتنی نەتەوەکەی، نابێ کۆڵ بدات.

ئەگەر کتێبی (کاروانی خەیاڵ) بخوێنەوە، بە زمانێکی کوردیی ڕەوان و زمانێکی ئەدەبیی جوان، وێنە زیندووەکانی ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی کوردستاندا، وەک فیلمێکی سینەمایی لە جوانتووسیی مامۆستا هێدیدا دەبینێ.

زۆرم پێخۆشە گەنجانی کوردستان کتێبی (کاروانی خەیاڵ) و هەموو نووسینەکانی مامۆستا هێدی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بزانن خەڵکانێک لە نەوەکانی پێش ئێمە چۆن بەدوای کتێبدا گەڕاون، لەو باوەڕەدام هەزێکی زۆر بۆ خوێندنەوە لەلایەن هەموو کەسێک دروست دەبێت.

دڵنیام کاتێک چیرۆکی کڕینی نامیلکەی (پەندنامەی عەتار) دەخوێننەوە، کە لەلایەن مامۆستا هێدییەوە لە مەلا سااڵحی سلێمانی لە گوندەکانی بانەی خۆشەویست کڕاوە و، چۆن پارەی بۆ پەیدا کردووە؟، چەند خۆشحاڵ بووە بەوەی کە توانیویەتی ئەو نامیلکەیە بکڕێت؟، ئەوسا دەزانن کە دەبێ بەردەوام بخوێنینەوە!.

کە دەبینن دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە شاخ چۆن کاریان کردووە، زیاتر ڕێز لە ماندووبوونی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ئەو سەردەمی گەلەکەمان دەگرن، کە ژیاننامەی ئەو پێشمەرگەیە دەخوێننەوە، دەزانن لە کوێوە و بە چ موسیبەتێک ئێمە گەیشتووینەتە ئەمڕۆ.

لەناو ئەو هەموو دەردەسەریەی ژیان و ڕۆژگارە سەختەکانی پێشمەرگایەتیدا، دیوان و شیعرەکانی مامۆستا هێدی توانای ئەدەبی و غەزەلنووسیی ئەو شاعیرە گەورەیەی گەلەکەمان نیشان دەدەن. مامۆستا هێدی حەزی لە ژیانێکی خۆش بووە، لەبەر ئەوە بۆ ژیان تێکۆشاوە و، هەستی ڕەنگینی خۆیشی بۆ ژیان زۆر داهێنەرانە ڕژاندووەتە ناو شیعرەکانییەوە. لەبەر ئەوەی خۆی وەک پێشمەرگەیەک، سەختییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بینیوە، شاکاری بۆ پێشمەرگە نووسیوە لە شیعرەکانیدا.

بارزانیی نەمر، مامۆستا هێدی زۆر خۆشدەویست، ئەو خۆشەویستی و ڕێزگرتنە لەلای باوکم و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانیش بۆ مامۆستا هێدی بە هەمان ئەندازە مایەوە و، مامۆستا هێدیش تاوەکو دوایین ساتی ژیانی، بە خۆشەویستی بۆ بارزانی و وەفاداری بۆ ئامانجەکانی گەلەکەمان ژیا.

مامۆستا هێدی بە خەبات و بەرهەمەکانی؛ هەمیشە زیندوو و بە زیندوویی دەمێنێتەوە، یادی ئەو گەورەیە بەخێر بێت و گۆڕی پڕ لە نوور بێت هەتا هەتا و ئێوەش هەموو لایەکتان بەخێربێن سەرچاوان.

لە نێوان من و مامۆستا پێش ئەوەی کۆتایی پێ بهێنم با ئەوەشتان بۆ بگێڕمەوە. جارێکیان بابەتێک هەبوو و مامۆستاش هەندێک جار وەک کاک ناسرێش دەزانێت پێکەوەبووین، هەندێک جار تووڕە دەبوو و منیش نازانم شتێکم کردبوو بەدڵی نەبوو تووڕە ببوو، هات گوتی پێی بڵێن با بێت ئیشم پێبە، چووم بە هەموو هێزی گوێی گرتم و ڕایکێشا و گوتی ئەگەر کاتێک منداڵ بووی و دەرسم پیشان دەدای ئاوەها گوێم بگرتبای و ڕامبکێشابا و دوو زللەشم لێدابای، ئێستا ئەوەت نەدەکرد. ئێمە ئاوابووین لەگەڵ مامۆستا، هەم گوێی ڕاکێشام و هەم زللەکەشی لێدام ئەو وەختە. ئێمە لێمان قبوڵ دەکرد چونکە وەکو مامان وابوو و زۆر کاریگەریی لەسەر ئێمە هەبوو. خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و گۆڕی پڕ لە نوور بێت و سەبر و ئارامیش بداتە خانەوادەکەی، یادی ئەو خۆشەویستەش هەمیشە بەخێر بێت و بەخێر بێنن سەرچاو.

زۆر سوپاس

سەرۆکی پەرلەمانی برۆکسل پێشوازی لە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

خەبات: ئەردەلان سلێمان

لە دریژەی کار و چالاکییەکانی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا و لە سەر بانگهێشتی سەرۆکی پەرلەمانی برۆکسێل شاندێکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم بەشداری کرد لە مەراسیمی پەرلەمانی برۆکسێل کە بە بۆنەی سااڵی نوێ بۆ پەرلەمانتاران و نوێنەرانی دیپلۆماسی لە برۆکسێل ساز کرابوو. لەمیانی مەراسیمەکە دلاوەر ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی برۆکسل و جێگرەکەی بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. هەر لە میانەی بەرنامەکە دلاوەر ئاژگەیی چاوی بە نوێنەری دیپلۆماسی وڵاتان لە برۆکسێل کەوت و باسی دوایین گۆڕانکاریەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و شەڕی داعش و پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان کران و تێڕوانینی حکوومەتی هەرێمی بۆ ئامادە بووان ڕوون کردەوە.

مامۆستایەکی ئایینی بەناوبانگی کوردستان کۆچی دواییکرد

K24: مامۆستا مەلا ئەحمەدی وەرتی زانای ئایینی بەناوبانگی کوردستان دوای ملمالنێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی دوێنێ چوارشەمە لە تەمەنی 92ساڵییدا کۆچی دوایی کرد. مامۆستا مەلا ئەحمەدی وەرتی ناسراو بە "مەلا وەرتی" خەڵکی گوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی بوو، لە تەمەنێکی زووەوە ڕێی خوێندنی ئایینی لە حوجرەکانی کوردستان گرتە بەر و توانی هەموو پلەکانی خوێندنی مەلایەتی بە سەرکەوتوویی ببڕێت و دواتر ببێتە یەکێک لە زانا و وتاربێژ و شەرعزانە بەناوبانگەکانی کوردستان، لە زۆر پرسە شەرعی و فیقهییەکاندا خاوەن ڕای جیاواز و تایبەتی خۆی بوو، کەسایەتییەکی ئایینی کراوە و شەرعزانێکی میانڕەو بوو، کە زۆر جار لەسەر ئەو میانڕەوییە دووچاری ڕەخنەی توند دەبوویەوە. ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ڕێگەی وتارەکانی بەردەوام ڕەخنەی توندی لە ستەم و جەوری دەسەاڵتی بەعس دەگرت و دواجار دەسەاڵتدارانی بەعس بەو هۆیەوە دەستگیریانکرد و ماوەیەک خرایە زیندانەوە. لە دوای ئازادبوونی لە زیندان و دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژارد و پەیوەندی بە ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە و لە دوای ڕاپەڕین گەڕایەوە و لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوو. بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی ماوەی 10ساڵە لە جێگەدابوو، بەرەبەیانی دوێنێ لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد و هەر دوێنێش لە ڕێوڕەسمێکدا بەخاکسپێردرا.